## پێش گوتە

کتێبێك لەسەر ژیریی دەستکرد بە دڵنیاییەوە دەستکەوتێکی تاکەکەسی نییە. ڕەنگە ئێمەی مرۆڤ گەلێك گەمژە و ساویلکە بین بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم تێکنۆلۆژییە نوێیە، هەر بۆیەش پێدەچێت ئەو مەترسییە نەناسین کە ژیریی دەستکرد دەتوانێ بۆمانی دروستی بکات، یان ئەوکاتە بیناسین، کە ئیتر گەلێك درەنگ بێت. ژیریی دەستکرد لەم دوایانەدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە و لە داهاتووشدا زیاتر پەرە دەستێنێ. مێشکی مرۆڤ ناتوانێت لە گەشەی پێشکەوتنخوازانەی ئەم تێکنۆلۆژییە تێبگات. بەڵام ئەو ئاڵۆزیی و قەبارانەی بەردەوام چەند بەرابەر دەبنەوە، زۆر بە خێرایی دەکەونە دەرەوەی خەیاڵمان.

گەشەی ڕیزبەندیی لە بیرکاریدا گەلێک ناسراوە. بۆ نموونە سیسا ئیبنی داهیر"Sissa ibn Dahir"، داهێنەری شەترەنج، ویستویە بزانێت چەند دەنکە برینج لەسەر تەختەیەکی شەترەنج جێی دەبێتەوە ئەگەر مرۆڤ ژمارەی دەنکەکان لەگەڵ هەر چوارگۆشەیەکدا دووبەرابەر بکاتەوە. دەنکێک

برینج لەسەر چوارگۆشەی یەکەم دادەنێت، دوو دانە لەسەر چوارگۆشەی دووەم، پاشان چوار، هەشت، ئینجا تا چوارگۆشەی ٦٤ درێژە بەم ڕەوتە دەدات.

بەپێی حیساباتەکەی دواجار ٩.٢٢ x ١٠١٨دەنکە برینج لەسەر تەختەکە دادەنرێت،کە دەکاتە زیاتر لە ٩ تریلیۆن واتە (٩،٢٢٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) کە کێشی کۆی گشتی دەکاتە ٢٧٠ ملیۆن تۆن.

گەشەی ڕیزبەندیی قەبارەیەك دروست دەکات کە بەزەحمەت عەقڵی کەسێکی ئاسایی دەتوانێ لێی تێدەگات. هەر بۆیە ئێمە تێناگەین پیشەسازیی تێکنۆلۆژیی زانیاریی لەسەر ڕەوتی ڕیزبەندیی گەشەسەندن، تا چ ڕادەیەک پەرەدەستێنێ. پانتایی ئەو چەشنە گەشەکردنە لە دەرەوەی خەیاڵی ئێمەی مرۆڤدایە. بەبێ ئەوەی سەرنجی بدەینێ، چوارچێوەی پاشەکەوتکردنی زانیاریی مرۆڤایەتی بە شێوەی مەجازی گەشەیەکی بێئەندازەی کردووە. ئێمە تەنیا لەوە تێدەگەین کە ئەم پێشهاتە زۆر بە خێرایی بەڕێوەدەچێت. چەند و چلۆنایەتیی خێراییەکەشی هێشتا هەست پێ ناکەین.

لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا، توانایی پاشەکەوتکردنی کامپیۆتری کەسیی هەزار هێندە بەرز دەبێتەوە – لە دیسکی

کیلۆبایتەوە بۆ دیسکێتی مێگابایت، لە کارتی گیگابایتەوە بۆ هارد دیسکی تێرابایت. ئەمڕۆ سێرڤەری دەزگا هەواڵگرییەکان و کۆمپانیا بازرگانییەکان بە پێتابایت دەپێورێت. ئەو چەمکە بیرکاریانەی دێنە گۆڕێ نوێنەرایەتی بازدانێکی کوانتەمی دەکەن کە هەزار هێندەی پێوانی پێشووی خۆیەتی: ئێگسۆبایت "Exobyte"، زیتابایت "Zettabyte"، یۆتابایت "Yottabyte"، برۆنتۆبایت "Brontobyte" و جیۆبایت "Geopbyte"- ئەو پێوەرانەی مێشکمان ناتوانێت وێنای بکات.

**Kilobyte (KB)** ١٠٣ Byte = ١,٠٠٠ Bytes

**Megabyte (MB)** ١٠٦ Byte = ١,٠٠٠,٠٠٠ Bytes

**Gigabyte (GB)** ١٠٩ Byte = ١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ Bytes

**Terabyte (TB)** ١٠١٢ Byte = ١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ Bytes

**Petabyte (PB)** ١٠١٥ Byte = ١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ Bytes

**Exobyte (EB)** ١٠١٨ Byte = ١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ Bytes

**Zettabyte (ZB)** ١٠٢١ Byte = ١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ .٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠

Bytes

**Yottabyte (YB)** ١٠٢٤ Byte = ١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠.

٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ Bytes

ئەمەش جگە لە توانایی هەڵگرتنی بێسنووری زانیاریی مرۆیی بە هەموو چەشنەکان و لایەنەکانیەوە، بە مانای زانیاریی مەزن یان داتای گەورە"Big Data"یە. ئێمە هەست بە بینینی ناکەین و لە دەرئەنجامەکانی بۆ پێکهێنانی دیموکراسی ناو کۆمەڵگامان تێنەگەیشتووین. تەنیا هەواڵە میدیاییەکانی سەبارەت بە جولیان ئاسانج " Julian Assange" و ئێدوارد سنۆدن "Edward Snowden" کۆمەڵگای تووشی شۆک کردووە. لەناکاو تێدەگەین کە چاودێریی و کونترۆڵی حکومەت لە هەموو شوێنێکی ژیانماندا بەرچاوە، پەیوەندیی تەلەفۆن، ئیمەیل و پرسیارەکانمان لە گووگل لە سەرانسەری سیستەمەکەدا تۆمار و بۆ هەمیشە پاشەکەوت دەکرێن. سیستەمی دیموکراسیمان بەهۆی دەرئەنجامەکانی زانیارییە گەورەکانەوە تووشی سەرسوڕمان بووە. پاراستنی زانیارییە کەسییەکان، هەریمی کەسیی و مافە بنەڕەتییەکان پشتگوێ دەخرێن، و یاسا نێودەوڵەتییەکان زەق دەکرێنەوە.

بەڵام چاودێریی و کونترۆڵ بە هیچ شێوەیەک تەنیا لە چوارچێوەی دەزگا ئەمنییەکاندا سنووردار نەماوەتەوە. فەیسبووک وێنەمان کۆدەکاتەوە، ئەپڵ پەنجەمۆرەکانمان، ئەمازۆن ئارەزووەکانمان و گووگل لە بنەڕەتدا هەموو پرسیار و تامەزرۆییەکانمان. چاودێریی بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەی

مرۆڤی ئەم سەردەمە و بەردەوام بە شێوەی ڕێژەیی لە گەشەکردندایە.

لە سەرهەڵدانی هۆمۆ ساپییەنەوە واتە نیزیکەی دوو ملیۆن ساڵ لەمەوبەر تا ئەم دواییانە، بە گشتی مرۆڤایەتی نزیکەیی پێنج ئێگزۆبایت "Exobyte" زانیاریی بەرهەم هێناوە. لەمڕۆدا ئەم ژمارە زانیارییانە بە هەر دوو ڕۆژ جارێک گۆڕانیان بەسەردادێت. ئەم چەشنە زانیارییە مەزنانە تەنیا بە یارمەتی ئامێری دەستکردی مرۆڤەوە دەتوانرێت پاشەکەوت و پرۆسێس بکرێت. تۆمارکردن، پرۆسێس کردن، بەڕێوەبردن یان هەڵسەنگاندنی ئەم زانیارییانە لەلایەن مرۆڤەوە بیریشی لێ ناکرێتەوە. تەنانەت ئەو نەرمەکاڵایانە کە لەلایەن مرۆڤیشەوە نووسراون، ناتوانن ئەو کارە بە باشیی بەڕێوەبەرن. کامپیۆتری تایبەت کە نەرمەکاڵای تایبەتیان هەیە تاکە چارەسەر بۆ ئەو کارەن. هەروەها ئەم پرۆگرامانە دەبێت توانایی فێربوون، خۆ نۆژەن کردنەوە و پەرەپێدانی خۆیان هەبێت.

بە درێژایی مێژوو، مرۆڤ بەردەوام بۆ بەڕێوەبردنی کارە قورسەکانی ئامێری داهێناوە و بە یارمەتی ئەوانەوە کارەکەنی بەڕێوەبردووە، وەک ڕاکێشان یان بەرزکردنەوەی شتە قورسەکان. لەمڕۆدا بە داهێنانەکانمان دەتوانین بە ملیاردان ساڵی نووری سەیری بۆشایی ئاسمان بکەین، لە

گەلەئەستێرە دوورەکانەوە تا قووڵایی ماکە وردەکانی جیهانی ئەتۆمی چاوەدێریی بکەین. تەنیا بە یارمەتی ئەم ئامێرە دەستکردانە بۆ تێگەیشتن و شارەزابوون لە ڕەهەندەکانی داتابەیسەکانمان سەرکەوتوو دەبین. دیارە لەمرۆدا ئەم کارە ئاڵۆزانە بە بێ یارمەتیی ژیریی دەستکرد بەڕێوە ناچن کە لە زۆر ڕووەوە لە عەقڵی مرۆڤ باشتر کار دەکەن و گورجتر دەتوانن ئەم زانیارییە ئاڵۆز و گەورانە پرۆسێس بکەن.

دوای کۆکردنەوە و لەسەر یەک قەڵاپەکردنی ئەم زانیارییە مەزنانە یان داتا گەورانە"Big Data"، ژیریی دەستکرد سێڵاوێکیماڵوێرانکەر لە زانیاریی وەرێدەخات و بە شێوەیەکی ڕێژەیی گەشە بە لێهاتوویی خۆی دەدات. ڕۆژ بە ڕۆژ بە بێ ئەوەی کۆمەڵگاکەمان بە لەبەرچاوگرتنی دەرئەنجامەکانی، خۆی بۆ ئامادە کردبێ، سەربەخۆ، ئاڵۆز و خێراتر درێژە بە کارەکەی دەدات.

هەنگاو بە هەنگاو و بە لەسەر یەکتر دانانی خشت لەسەر خشت، پێکهاتەکانی، ئەکتەرێکی نوێیان خوڵقاندووە کە شانبەشانی مرۆڤ لە کاروباری ڕۆژانە، سیاسەت، دۆخی ئابووریی و تەنانەت سەربازیشدا بڕیاری خۆی دەسەپێنێت. لەسەر "سێرڤەر" واتە کامپیۆترە ناوەندییەکانی زانیاریی مەزن یان بیگ داتا، مێشکێك بە گەورەیی زانستی مرۆڤایەتی خوڵقێندراوە. بە هۆی تۆڕی زانیاریی نێودەوڵەتی، کامێرای

چاودێریی، چاوێکی چاوەدێریی چێکراومان دروست کردووە کە هەموو شتێک دەبینێت و چاوپۆشی لە هیچ شتێک ناکات. کامپیۆتر، تەلەڤیزیۆن، کاتژمێری دەستی، ئۆتۆمبێل، بووکەڵەی باربی، ئامێری بیناسازی، مۆبایلە زیرەکەکان و تەنانەت مەیدانی شەڕیش، هەروەک چەکی زیرەکی زلهێزەکانیش بە یارمەتی ژیریی دەستکرد تەیار دەکرێن.

ئەو ژیریی دەستکردەی ئەم سیستەمانە کۆنترۆڵ دەکات، سەربەخۆیە - بەڵام لەمڕۆدا هێشتا بە تەنیا کار ناکات. لەبەر کارایی و لێهاتوویی، گەلێك هۆکار هەن کە بۆ هەماهەنگیکردنی زانیاریی و کۆنترۆڵکردنیان، بۆ تێکەڵکردنی هەواڵگرییەکان هێشتا بە یارمەتیی مرۆڤی لێهاتووی ئەم بوارەوە بەڕێوەدەچێت. بەڵام لە داهاتوویەکی نیزیکدا بە تەواویی و بە بێ یارمەتی مرۆڤ و سەربەخۆ ئەرکەکانی بەڕێوەدەبات.

لەمڕۆدا ئامێرەکانی ژیریی دەستکرد تا ڕادەیەک لە یەکتر جیاکراونەتەوە. بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ لە یەکتر نزیک دەبنەوە. تۆوی ژیریی دەستکرد وەک دڵۆپی جیوە یەکتر دەدۆزنەوە. ژیریی دەستکرد زیرەکییەک دروست دەکات کە هەزار هێندەی ئێمە ژیر و لێهاتووترە. چەکەکانی لە مەترسیدارترین چەکەکانی سەر ئەم هەسارەیەن. ئەم مەترسییە تەنیا پرسیارێکی کاتییە. ئێمە کات و مەیدانێکی

کەممان هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم گەشەسەندنە. گەورەترین بیرمەندانی دۆڵی سلیکۆن"Silicon Valley" قەناعەتیان وایە: مرۆڤایەتی لە یارییەکی کۆتاییدا گیری خواردووە.

**"پێشکەوتنی ژیریی دەستکرد بە شێوەیەکی ناباوەڕ و سەرسووڕهێنەر بە خێرایی بەرێوەدەچێت. مەترسی ئەوە هەیە لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا کارەساتێکی مەترسیداری جیددی ڕوودات. ڕەنگە ژیریی دەستکرد گەورەترین هەڕەشە بێت لەسەر بوونی ئێمەی مرۆڤ و هەموو بوونەوەرانیتر."**

نادر فەتحی (شوانە)

هاوینی ساڵی ٢٠٢٦ی زایینی "ئاڵمان"